# عادەت و سونەت
# تایپەکانی فۆرمی ژنکوژی

**ئیرۆن عومەر**
eron_umer@yahoo.com

بۆ هەر سەرچاوە و دەقێکی ئایینی بگەڕێتەوە یاخود لەگەڵ هەر کەسایەتیەکی ئایینی (مەلا، مامۆستا یان لێکۆلەر لە بواری ئایینی) وتوێژ بکەی دەگەیتە ئەو ئەنجامەی کە لە شەریعەتی ئیسلامی و سونەتە ئیسلامیەکان دا کوشتنی ژنان لە سەر سێکس لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەری تەقلیدی و بەو جۆرەی کە ئێستا لە نێو کۆمەلگا دواکەوتووەکاندا ڕوو دەدات شتێکی ڕێپێنەدراوە، هەر هەمووشی هۆکاری ئەو کوشتنانە ئەگێڕنەوە بۆ عادەت و نەریتی خێڵ و بنەماڵە و خێزان ، بە شێوەیەك کە دوور و نزیك پەیوەندیان بە ئایینەوە نیە، بە پاساوی ئەوەی لە گوتار و دەقە ئایینیەکان (شەریعەت و سونەت)دا هاتووە کە سزای ژن و پیاوی زیناکار لە ئیسلامدا ڕێوشوێنی خۆی هەیە و بەهیچ جۆریك لەگەڵ ئەو کوشتنانە یەك ناگرێتەوە کە ئێستا هەن ، ڕاستە و نکولی لەوە ناکرێت کە چ وەکو دەق و چ وەکو پەیام و سونەت لە ئیسلامدا ئاماژەیەکمان بەرچاو ناکەوێت مرۆڤ هان بدات بۆ کوشتنی ژنان بەو شێوازانەی ئێستە لە ئارادان ، بەڵام پرسیاری ئێمە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئایین لەکوێی ئەو میراتە کەلتووریە شوێنی گرتووە کە کۆمەلگا ئایینیە خۆرهەلاٌتیەکانی بەتایبەتی کۆمەلگا ئیسلامیەکانی دیل و تەریك و پەڕگر کردووە و ڕەفتار و بیرکردنەوەیانی سنووردار کردووە، ئایا ئایین تەنیا بەشێکە لەو کەلتوورەی کە هەلگری کۆفەرمانی ئەنجامدانی هەزاران تاوانی نامرۆڤانەیە بەرامبەر بەشێکی زۆر لە مرۆڤەکان بەتایبەت ژنان، یاخود تێکڕای کەلتووری ئەو کۆمەلگایانەیە، بە مانایەکی تر ئایا ئایین لە پێشەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتارە گشتیەکانی ئەو مرۆڤانە دەوەستێت و هەموو کۆنسێپت و مانا و ڕەگەزە کۆمەلاٌیەتیە نا ئایینیەکانی تر دەخاتە دواوە و خاوەن قسەی یەکەم و هێزی یەکەمە لە ئاڕاستە کردنی کۆڕەفتاری مرۆڤەکان ، یاخود ئەو چەمك و ڕەگەزانەی لە قالبی عورف و عادەت دان دەکەونە پێشەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتارە گشتیەکان و سونەت و شەریعەتە ئایینیەکان دەکشێنە دواوە و دیاردە کۆمەلاٌیەتیەکان بە دیاردەی نائایینی نێو کۆمەلگایەکی ئایینی دەژمێردرێن؟. ئایا دەکرێت کۆمەلگایەك بە کۆمەلگایەکی ئایینی بژمێردرێت لەکاتێکدا کۆفەرمانە ئایینیەکان جێبەجێ نەکات و عادەت بکەوێتە پێش سونەتەوە ، یان ئەگەر ئەو کۆمەلگایانە بە کۆمەلگای ئایینی بژمێردرێن دەکرێت ئەو ڕەفتارە تاوان ئامێزانەی هەمیشە دووبارە دەبنەوە هەزاران مرۆڤ بەهۆیانەوە دەبنە قوربانی بە ڕەفتاری نائایینی بژمێردرێن؟! . یاخود لە ڕاستی دا هەموو عادەتەکانیش دەرهاویشتەی گوتارە ئایینیەکانن و بە شێوەیەك لە شێوەکان ئامانجەکانی ئایین بەدی دێنن بەبێ ئەوەی بەسەر ئاینیش دا ساغببنەوە ، هۆی چییە عادەت و سونەت تا کو ئێستا پێ بەپێی یەکتر درێژ دەبنەوە و هەموو پەیوەندیە کۆمەلاٌیەتیەکانی ئێمە پێك دێنن، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوەی تر نەفی کاتەوە ، دەکرێت ئێمە کام لەم دوو بۆچوونە باوەڕ پێبێنین ، بۆچوونی یەکەم٬ ئایین خۆی سەرچاوەی بەردەوامی هەموو ئەو عادەتانەیە کە لە ژیانی ئێمەدا دووبارە دەبنەوە یان لانی کەم لە دژیان نییە و مانەوەیان و نەگۆڕانیان و نەگۆڕانی کۆمەلگا بە سوود و قازانجی ئایین و پیاوانی ئایینیە و ئایین بەهیچ جۆرێك کاری لەسەر سڕینەوەیان نەکردووە ، بۆچوونی دووەم٬ ئایین بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەو هێزەی داگیرکردنی بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاکەکانی نەبووە کە عادەت و نەریت هەیبووە و مرۆڤەکان ئەوەندی کۆفەرمانەکانی عادەت پیادە دەکەن ئەوەندە پێڕەوی لە شەریعەت و سونەت ناکەن و پابەند نین پێیەوە . ئایا وێڕای ئەوەی خەڵك دەزانن چارەسەری ئایینی بۆ کێشە جۆراوجۆرەکانیان هەیە ، کەچی دەگەڕێنەوە بۆ چارەسەرە باوەکان کە عادەت و نەریتی خێلەکی و لادێیی بۆی داناون مانای ئەوە نیە ئایین بەدرێژایی مێژووی هاتن و بلاٌو بوونەوەی خۆی هەلگری ئەو توانست و ڤیگۆرە نەبووە کە بتوانێ کۆمەلگایەکی لە سەدا سەد ئایینی دروست بکات ، ئایا مانەوەی نەریت و دیاردە و تایبەتمەندێکانی کۆمەلگای بەجێماو ئەو پرسیارەمان لا دروست ناکات کە ئایین نەیویستووە یان نەیتوانیوە کۆمەلگا لە هەموو لاساریەکانی پێش خۆی بەتاڵ کاتەوە .

سەرەڕای ئەوەی ئەو سزایەی ئایینیش بۆ پیاوان و ژنان دایناوە لە بەرامبەر کاری سێکسی ڕێپێنەدراو چارەسەرێك نییە لەگەڵ

ئەمرۆی پێشکەوتنی شارستانی و مافەکانی مرۆڤ بێتەوە، بەلاّم مرۆڤی خێلەکی هەر زوو درکی بەوە کردووە کە ئەگەر پێڕەوی لە ئایین بکات بۆ چارەسەری کێشەکانی تایبەت بە ژن و خێزان ناتوانی درێژە بدا بە دەسەلاّتی پیاوسالارانەی خۆی و سەلماندنی ڕەوابوونی دەسەلاّتی بەسەر ژن و سەیری کردنی وەکو بەشێك لە کەل وپەلەکانی مالّ و پێداویستیەکانی ژیان ، لەکاتێکدا کە خودی ئایین(وەك یەکێك لە پارادۆکسەکانی نێو دەقەکانی) پێی دەلّێت پیاو مافی پاسەوانی لێکردنی ژنی هەیە، نەك بەو مانایەی ئەو لەدەستی ئەوانیتر بپارێزی بەلّکو بەو مانایەی (قوام) بێت بەسەری داو ژیان و هەلّس و کەوتی کۆنترۆل بکات و بیخاتە ژێرچاودیریەوە، دیارە ئەوەش بە پیادەکردنی سزای زۆر قورس نەبێت ناچێتە سەر . لە ڕاستی دا ئەگەر ئەو ڕێوشوێنەی ئیسلام دایناوە بۆ سزادانی ئافرەت لەسەر تاوانی زینا واتا بوونی چوار شایەت و لەبەرچاوگرتنی حالەتە جۆراوجۆرەکان و ئینجا لێدانی بەدار نەك کوشتنی بە ڕێگای تر پێڕەوی لێبکرایە لەهەزاران ئافرەت کە کاری سێکسی دەرەوەی پەیوەندی هاوسەری ئەنجام دەدەن یەکێکیان نەدەکوژرا ، چونکە هیچ ئافرەتێك بەو ئاشکراییە ئەو کارەی نەدەکرد و هیچ پیاوێکیش چوار شایەتی بۆ کۆ نەدەکرایەوە تا بەچاوی خۆیان دیمەنەکە ببینن و ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی ژنان ترسیان کەمتر بێت و سێکس بە ڕێژەیەکی زیاتر ئەنجام بدرێت و پیاوەکانیش بە ناچاری لەگەلّی ڕابێن ، سەرەنجام کۆمەلّگا ئیسلامیەکان دەبووایە ئێستا لە کۆمەلّگا خۆرئاواییەکان کراوەتر بوونایە لە لایەنی ئازادی سێکسی و ژنانیشیان ئازادتر ، ئەمەش شتێکە کە هەرگیز ئیسلام نایەوێت و ڕێگای پێنادات ، کەواتە ئەوەی ئایین وەکو دەق و پەیام هەلّیگرتووە مەرج نیە کۆمەلّگای پێ ناچار بکات پیادەی بکات و دەکرێت ئەو ئەو کارانەی سەرەنجام بە قازانجی مانەوەی ئایینیش تەواو دەبن لەو ڕەفتارە توند و تیژانەی مرۆڤ بەگشتی و ژنان بەتایبەتی ناچار دەکەن کۆیلەتی قبول بکەن لە باتی ئایین عادەت و نەریت وەئەستۆیان بگرن ، دەکرێ عادەت و نەریتە کۆنەکان ببن بەشورەیەك بۆ پاراستنی سونەتە ئایینیەکان ، دەکرێت عادەت و سونەت بەیەکەوە فۆرمێکی کۆمەلاّیەتی وا داڕێژنەوە کە تێیدا ژنان یان دەبێ بۆ هەمیشە کۆیلەبن یان دەبێت بکوژرێن ، فۆرمێك کە تێیدا ژنان لەبەرچاو ون دەکات و لە پەنای سەرپۆش و چارشێوی ڕەش و سپی دا دەیان شارێتەوە یاخود لە نێو حەرەمی مالّ زیندانیان دەکات و هاتنە ناو ژیان و ویستی کارکردنیان لەدەرەوەی مالّ و دوور لەچاودێری پیاو لێ حەرام دەکات ، چونکە بەپێی ئەو فۆرمە سەربەرزی پیاوەکان لە یەکێك لە ئەندامەکانی جەستەی ژن دایە نەك لە کاری داهێنانی مرۆیی و بەها مرۆڤایەتیەکان و تەندروستی عەقل و خۆشەویستی بۆ ژیان . پیاوێکیش کە سەربەرزی خۆی لەو شوێنەدا دەبینێتەوە دیارە بێجگە لە زمانی کوشتن زمانێکی تر شك نابات بۆ ڕاگرتن و مانەوەی ئەو سەربەرزیە .